# گەندەڵ و فایلدارەکان

هیدایەت مەلا عەلی

کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان لە مانگی6ی ساڵی 2006 دا کۆمەڵێك لێکدانەوەو لێدوانی جۆراو جۆری بەدوای خۆیداهێنا لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسانی تازەو کۆنی ئەم حیزبەوە . ڕۆژی 10 / 6 / 2006 مەکتەبی سیاسی { ی ن ك } مەسەلەی پێکهێنانی دەزگای{ دیوانی لێپرسینەوە} یان خستۆتە بەردەم هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە تاووتوێیکردن , لە ئە نجامدا { دیوانی لێپرسینەوە} بۆ بە دوواچونی گەندەڵی و لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی ئیداری و مالی و تەجاوزات پێکهات . لێرەدا من قسە لەسەر کاری ئەم دەزگایەو چۆنیەتی پێکهاتنی و بەرپرس و کارەکانی ناکەم , هەروەها قسەش لەسەر ئەوە ناکەم کە ئەم دەزگایە بەهیچ جۆرێك ناتووانێت ئەوەی هەیە لە گەندەڵی , فەسادی ئیداری , بەرتیل , خزم خزمێنە,تەسکیەی حیزبی وچەندین دیاردەی تری ناشارستانی و دژی خەڵکی بچووکترین ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بهێنرێت بە قازانجی خەڵکی مەحروم و دەستەنگی کوردوستان , چونکە بۆ تەواوی خەڵکی کوردوستان ئاشکرایە کە هەوا لە جێگایەکەوە هەڵیکردووەو { ی ن ك } یش لە جێگایەکی ترەوە شەن دەکات , گەندەڵی و فەساد , بەرتیل و تەسکیەی حیزبی , تێکدانی ژیانی ئاسای و مەدەنی خەڵك و هەڵگەڕانەوەی بۆ ژیانێکی کۆنترۆڵ کراو دەم بەسراو هۆ نیە , بەڵکو بەرئە نجامەو چارەسەری ئەم دیاردانە لە گرەوی سەرو خوار پێکردنی ڕابەرانی گەندەڵ و فایلداردا نیە . ئەوەی بۆ من مایەی سەرنجەو ئەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە , لەدوای پێکهێنانی ئەم دەزگایە چەندین لێدوان و چاوپێکەووتن لەگەڵ بەرپرسانی نێو { ی ن ك } ئە نجامدراوە , سەرەڕای ئەوەی هەرکەس خۆی کاندید ئەکات کە یەکەم کەس بێت لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت و هەموو خۆیان لە گوڵ بە پاکتر ئەزانن,ئەوەی زۆر مایەی سەرنج و ووردبوونەوەیە بەشێکی ڕابەرانی ئەم حیزبە لە چاوپێکەووتن و لێدوانەکانیاندا داوای ئەوە دەکەن کە لێپرسینەوەش لەگەڵ فایلدارەکاندا بکرێت , بەشێکی تریشیان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە گەندەڵچیەکان مووحاسەبە بکرێن و سەرچاوەی پارەو سەروەتیان ئاشکرا بکرێت .

لە ڕاستیدا ئەوەی ئەم دووبەشە باسی دەکەن و دەیڵێن ئاشکرایە پەیوەندی بە خیلافاتی نێوان خۆیانەوە هەیەو , هەر لایەکیان جۆرێك ڕێگای سامان کۆکردنەوەیان هەڵبژاردووە , لایەك بە فایل بوون و لایەك بە گەندەڵی و بەتاڵان بردنی سەرچاوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردوستان .

ئەگەر بانگەوازی ئەم دوو بەرەیە بۆ دادگای و ئاشکراکردنی گەندەڵی و فایلە ڕەشەکانی لای بەعسیان کێشمەکێشێکی نێوان خۆیان بێت , ئەوا بۆ خەڵکی کوردوستان جارێکی تر ئەو ڕاستیە دووبارە ئەبێتەوە کە , ئەوانەی ئەمڕۆ لە کوردوستان بەناوی خەڵکەوە حوکم دەکەن و فەزڵ بەخەڵکی دەفرۆشنەوە لەسەر زمان و

دەمی خۆیانەوە نیوەیان گەندەڵن و نیوەی تریان فایلدارن .
ئەبێ خەڵکی کوردوستان چ چاوەڕوانیەکی لەم دەسەڵاتدارانەی کوردوستان هەبێت , نەچاکسازی , نەپاکسازی , نە دیوانی لێپرسینەوە , نە دەست بەسەراگرتنی ڤێلاو سەروەتی بەرپرسان, ساڕێژی ئەزمەی دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد ناکات .
ئەمڕۆ ئاستی گەندەڵی و فایلداری ئەم سەرکردانەی بزووتنەوی کوردایەتی بە ئاستێك گەشتووە , زۆر سادەو لە زەمینەیکی ئامادە کراودا باسی ئەوە دەکەن کە ئامادەی لێپرسینەوەن , ئەوەی ئەڵێن ئامادی لێکۆڵینەوەین هیچی پەیوەندی بە بێگەردی و سافی ئەوانەوە نیە , ئەوەندەی پەیوەندی بە فەزایەکی بێپەردەو لەبەر چاوی گەندەڵی و فایلداری ئەوانەوەیە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستانی ووریا کردۆتەوەو دەسەڵاتداران خۆشیان نازانن چۆن لەو ئەزمە قووڵە بێنە دەرەوەو خۆڵ بکەنە چاوی جەماوەر . گەندەڵی و فایلداربوون و بێدەربەستی بەرانبەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردوستان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە ئاستێك گەشتووە کە { سەعدی ئەحمەد پیرە} بەئاشکراو لە بەرنامەی {چاوی سێ}ی کەناڵی کوردسات ئەڵێ کە لەماڵ نەبم کارەباکەم دەکوژێتەوە , ئەم قسەیەی { پیرە } شۆخی کردن نیە بۆ پێکەنین و جەو خۆش کردن ئەمە گاڵتە کردنە بە خەڵکی کوردوستان , لە کاتێکدا هەموو خەڵك نەفرەتی لێدەبارێت بۆ ئاو کارەبا دەسەڵاتداران دەڵێن کە لەماڵ نەبین کارەباکەمان دەکوژێتەوە . ڕزگاربوون لەم ژیانە سەختە , ڕزگاربوون لە دەست گەندەڵی و فایلداربوون لە گرەووی هاتنەمەیدانی ئیرادەی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردوستاندایە بۆ بەدەستهێنانی مافە فەردی و مەدەنیەکانیان و , کۆبوونەوەیان لە دەووری خواستی جیابوونەوەی کوردوستان و دامەزراندنی دەووڵەتێکی غەیرە دینی و غەیرە قەومی .